# شێخ زانا ئیسلامەو , ئیسلام پێکهاتەیەکە لە شێخ زاناکان

**هیدایەت مەلا عەلی**

پێش نیوەڕۆی 2005/7/24 "مەسعود بەرزانی" کۆبوونەوەیەکی لە گەڵ ژمارەیەك لە مەلاکانی شاری هەولێر و دەوروبەری ئە نجامدا , گرێدانی ئەم کۆبوونەوەیە بە دەست پێشخەری " مەسعود بەرزانی" لەگەڵ ئەم مەلایانە دەرکێشانی ئیسلامە لە تاوانێك کە " شێخ زانا " و تۆرە ئینسان کوژەکەی ئە نجامیان داوە , " مەسعود بەرزانی " لەم کۆبوونەوەیەدا دەیەوێت ئیسلام وەك دیاردەیەکی پاك و بێگەرد لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا نیشان بدات و تاوانی تیرۆر و ئینسان کوژی " شێخ زانا " و تاقمەکەی وەك کار و هەڵەی چەند کەسێك لێکبداتەوە کە لە ئیسلام تێنەگەشتوون . هەروەها لە بەشێك لە قسەکانیدا جار جار گلۆپێکی سوریشی بۆ دەستەوتاقمە ئیسلامیەکان دادەگیرساند کە چەند ساڵە دەست بە پشتیاندا دێنن و , دەیانکەنە شەریك لە داهات و حکوومەت و دەسەڵاتدا . بێزاری " مەسعود بەرزانی " لە تاقمە ئیسلامیەکان لەوێوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئازادی پێشێل دەکەن و ئینسان دەکوژن , بەڵکو ئە نجامی کێشمەکێشێکە کە ئەمرۆ ئیسلامیەکان دەیکەن لە گەڵ ئەحزابی قەومی لەسەر دەسەڵات و بەشی زیاتر لە حکوومەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایە . هەر لەگەڵ ئاشکرا بوونی باندە ئینسان کوژەکانی دوژمنی ئەمرۆ و دۆستی دوێنی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان واتە " شێخ زانا" ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان و سەرجەم دەستەوتاقمە ئیسلامیەکان بە ڕیشن و بۆینباخ داریانەوە کەووتونەتە پاڕانەوە بۆ ئیسلام و تەبریەکردنی ئیسلام لەم تاوانانە , ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و ئیسلامیەکان ئاما نجیان چیە لە مەعسوم نیشاندانی ئیسلام لەم تاوانانە ,ئایا" شێخ زانا "وتاقمەکەی لە دەرەوەی سنوری سوونەت بیروباوەڕێکن کە ئیسلام هەیەتی بۆ ئینسان و بۆ ژیان , ئیسلام کۆڵەکەیەکی ئەسڵی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمەو ئەو پەرژینە قایمەیە کە ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتەکەی لە مەدی ڕادیکاڵ و پێشکەووتوخوازی کۆمەڵگا دەپارێزێت و دەتوانێ بەو هۆیەوە تەمەنی درێژتر بکاتەوە . دەستەو تاقمی ئیسلامیش, ئیسلام بۆیان ئەو سەرچاوەیەیە کە نایانەوێت بەر نەفرەت و بێزاری خەڵك بکەوێت و دەیانەوێت بە پیرۆزی بمێنێتەوە, بۆ ئەوەی هەمیشە خۆیانی لەسەر بنیاتبنێنەوەو کۆمەڵگا نەتوانێت دەستی ڕەخنەو هەڵپێچانی بۆ بەرێت . لێرەدا دوو پرسیار دێتە پێشەوە یەکەم : ئایا "مەسعود بەرزانی" حەقی ئەوەی هەیە بڵێت " شێخ زانا " و تاقمەکەی ئیسلام نین و دوژمنی ئیسلامن , دووەم : ئایا ئیسلامیەکان هەقی ئەوەیان هەیە "شێخ زانا " و تاقمەکەی وەك دیاردەیەکی نامۆ نیشان بدەن و "دەست گەمە" بکەن بەو وەسیلەی کە" شێخ زانا "و تاقمەکەی لە ئیسلام بێبەری بکات . بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم : ئەوەی " مەسعود بەرزانی " دەڵێت ئەمانە ئیسلام نین وەك ئەوە وایە مەلا کرێکار یان زەرقاوی یان سەلاحەدین, سەرانی ئەحزابی قەومی کۆبکەنەوەو پێیان بڵێن ئێوە نە ئەحزابی قەومین نە بیروباوەڕی قەومیتان هەیە, چونکە شەڕی ناوخۆتان کردو دەستی دەووڵەتانی ناوچەکەتان ڕاکێشا بۆ سەر خەڵکی کوردوستان و ئازادی سەرکووت دەکەن و داهاتی خەڵك بە تاڵان دەبەن , باشە ئەگەر ئەحزابی قەومی ئەم کارانە نەکەن ئەی چی بکەن کارنامەو مێژوویان هەر ئەم کارەساتانەیە . کەواتە " مەسعود بەرزانیش" بۆی نییە بڵێت ئەمانە ئیسلام نین چونکە مێژووی ئیسلام ئەگەرئینسان کوژی و داگیرکاری و تیرۆریزمی لێبکەیتەوە چی دەمێنێتەوە , ئەگەر ئەفغانستان , میسر , سودان , ئێران , سعودیە , جەزائیر , عێراق , ئینسان کوژی و تیرۆریزمی لێدەربێنیت تەنها خەسووم و باوکم و چەند کەسێکی ترئەمێننەوە لە سوچی مزگەوتێکدا . لە شەڕی نێوان ئیسلامیەکان و یەکێتی لە هەورامان چەند دیلێکی یەکێتی کەوتنە دەست ئیسلامیەکان , دوای کوشتنیان بە پەرەمێز سووتێندران و لووت و گوێیان بڕین , بۆ ئەم تاوانە ئیسلامیەکان ووتیان بەم کارەمان دوژمن دەترسێنین و جەبەرووتی ئیسلام دەردەخەین , تۆبڵێی ئەمانیش هەر ئیسلام نەبن , لەوکاتەدا ئیسلامە ڕەسەنەکان نەهاتنە سەر شەقام نە ئەم تاوانەیان ڕسوا کرد . بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم : ئایا " دەست گەمە " کافیە بۆ ئەوەی ئیسلامیەکان بڵێن ئەم کردەوانە لە ئیسلام بێبەرین , بێگومان نەخێر من نازانم لەڕووی ئینسانیەوە چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان "دەست گەمەی " شێخ زانا " وتاقمەکەی, لەگەڵ زەواجی موتعەکە ژنان دەکاتە ئامێر و تەنها وەسیلەی دامرکاندنەوەی ئارەزووی پیاوان , لەوانە یە هەندێك پەیدا بن و بڵێن ئاخر ئەوانە شیعەن و مسوڵمان نین ئەم قسە بۆ خۆتان , جیاوازی " دەست گەمە " چییە لەگەڵ چەند ژنە , پیاوێك چوار ژنی هەبێت و لە چوار ژووری دانابن و هەر شەوەی بە ئارەزووی خۆی زەوقی لە کامیان

**بوو بڕوات و خۆی خاڵی بکاتەوە ,جیاوازی " دەست گەمە " چییە لەگەڵ مارەکردنی مناڵێکی وەك " عائیشە " بە حەوت ساڵی و ئیغتساب کردنی بە نۆ ساڵی لە لایەن " محەمەدەوە " چییە کەنداوی عەرەبی گەرمەو کچ زوو " باڵق " ئەبێت , بڕۆن ئێستا سەیری منداڵێکی نۆ ساڵەی کەنداو بکەن بزانن ئینسان خەجاڵەت نابێت هەرسەیری بکات,نەك ئیغتسابی بکات. ئیدعای ئیسلامیەکان و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بۆ تەبریەکردنی ئیسلام لەم تاوانانە بناغەیەکی پووچی هەیە , ئیسلام ئەم ڕەوشتە دژی ئینسانیانەی لێوەرگریتەوە تووشی ئیفلیجی دەبێت . "مەسعود بەرزانی " دەبێت باش بزانێ لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەوان دەسەڵاتدارن و درەختی کۆمەڵگا بە ئیسلام ئاو دەدرێت هەر ئەم ئاکامانەی دەبێت , لە کۆمەڵگایەکدا لە سایەی یاساو نەرێتێکی کۆنە پەرستانەدا کە ئەوان پشتیوانی لێ دەکەن , لە باخچەی ساوایانەوە تاکو خوێندنگا سەرەتای و ناوەندیەکان مناڵان و خوێندکاران دار کاری بکرێن , ئاکامەکەی ئەو کۆمەڵگایە " شێخ زانای " بەڕاستی ئیسلام و تیرۆریست بەرهەم دێنێت ,"شێخ زانا" ئیسلامەو "ئیسلام " پێکهاتەیەکە لە " شێخ زاناکان " . ئەگەر بەڕاستی" مەسعود بەرزانی" بەدوای ئەوەوەیە تیرۆریزم وەك هەورێکی ڕەش بەسەر سەری خەڵکی کوردوستانەوە نەمێنێت , دەبێت دەست هەڵگرن لە سات وسەودا و باوەشێن کردنی ئاگری کوژاوەی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی , دەبێت پارتی و یەکێتی واز بهێنن لە خەڵکی کوردوستان بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان بدەن و لە ڕاپرسیەکی ئازاد و ئاشکرادا دەنگ بدەن بە پێکهێنانی دەووڵەتی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی خۆیان , ئەمە دەرمانی برینەکانە نەك داواکردن لە مەلاکان کە بەرگری لە ئیسلام بکەن چونکە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە , کوا ئیسلام پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە , ئیسلام دژی ژیانەو خوازیاری تاریکی و ژیانی سەدەکانی ناوەڕاستە .**

**بژی ژیان**

**بژی ئینسان**

2005/7/27 hidayat_malaali@yahoo.com